# شەونم

## هۆنراوەی (17)

زلف آشفته و خوی کرده و خندان لب و مست

ئارەقاوی و زولف ئاڵۆز و بە لێو خەندە و مەست
بە یەخەی واز و بە ئاوازەوە     پەیمانە بە دەست
چاوی مەستی لە شەڕ و لێوی بە لۆمە و لەقەمی
نیوەشەو  هات و تەکی دا بە سەرینم بێ هەست
سەری هێنایە پەنا گوێم و بە سرویێکی حەزین
وتی ئەی یاری لە مێژینە خەواڵووی یا مەست
عارفێکی کە وەها بادەی شەوگیری دەنێ
کافری عیشقە ئەگەر بێت و نەبێ بادە پەرەست
شێخەکەم , رەخنە لە مەیخۆرەوەکان مەگرە بڕۆ
جگە لەو ئاوە نەیانداوە بەمە  رۆژی ئەلەست
ئێمە دەیخۆینەوە ئەو  هەرچی کە بۆمان تێکا
جا ئەگەر خەمری بەهەشتێ یە ئەگەر بادەی خەست
پێکەنینی مەی و ئەگریجەی لوولووی دلبەر
زۆر کەسی تۆبە وەکوو حافزی داداوە لە قەست

حافزی حەقیقی